# شاكر فەتاح چۆن دەستگیر کراو شوێن بزر کرا؟

## سمكۆ عەبدولكەریم

وەك شوان سلێمان یابه لەماستەرنامەكەیدا تۆماری كردووە, كەریم زەند بەم شێوەیە باسی ئەو رۆژە دەكات:

دوای كردنەوەی كۆڕەكەو, وتاری ئامادەبووان نۆرەی (شاكر فەتاح) دێت و, وتارەكەی پێشكەش دەكات, سەرەتای وتارەكەی زۆر ئاسایی دەبێت و باس لەوتەكانی سەددام حوسێن و كاریگەری سەبارەت بەگەلی كوردو دەزگاكانی ئۆتۆنۆمی لەكوردستاندا دەكات, بەلاّم لەكۆتایی وتارەكەیدا یەكسەر هەندێ داواكاری دەخاتە روو بەم شێوەیە:

(ئازاد كردنی گیراوەكان, ئەو كەسانەی كە گیراون و بێ سەرو شوێنن ئازاد بكرێن و چارەنووسیان دیاری بكرێت, هەروەها خەڵكی گوندە راگوێزراوەكان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و چیتر گوندەكان وێران نەكرێن و خەڵكەكەشی رانەگوێزرێنەوە. گفتوگۆ كردن لەگەڵ برا شۆڕشگێرە كوردەكاندا, چونكە ئەوانە كوڕی میللەتی كوردن و عێراقین, چۆن ئێستا ئێوە ئامادەن لەگەڵ رژێمی ئێران گفتوگۆ بكەن, كە ئەوە ماوەی (8) ساڵە لەگەڵ دەجەنگن, كەچی ئامادە نین گفتوگۆ لەگەڵ كوڕی میللەتەكەی خۆتان بكەن. رێگا چارەیەك بۆ گرانی نرخی شتوومەك دابنێن, چونكەی بەهۆی ئەم شەڕە نرخی شتوومەك زۆر بەرز بۆتەوە). دوای تەواوبوونی وتارەكەی یەكسەر لەسەر مایكرۆفۆن دەیهێننە خوارەوە, لەلایەن بەرپرسە بەعسییەكان كە لەریزی پێشەوە دانیشتبوون دەبێتە ناڕەزایی دەربڕین و ئەم كارەیان زۆر پێ ناخۆش دەبێ‌و هۆڵەكە دەشلەژێ).

لەم كاتەدا وەك مامۆستا شوان لەسەر زاری نزار جەرجیس وەریگرتووە د. نافع ئاكرەیی دەچێتە سەر مایكرۆفۆن و دەڵێت: (دیموكراتییەو هەر كەسێك بۆی هەیە بیرو باوەڕەكانی خۆی دەربڕێ).

دوای ئەوەی شلەژانەكە تۆزێك هێور دەبێتەوە وتارەكەی لێدەستێنن و لەریزی وتارەكانی كۆڕەكە دەری دێنن, هەروەها وتارەكەشی كە بەكامێرای ڤیدیۆ تۆمار كرابوو, پیاوانی ئاسایش دەستی بەسەردا دەگرن و لەدواییدا لەگەڵ وتارەكەیدا رەوانەی بەغدای دەكەن.

دیارە بۆ رۆژی دوایش شاكر فەتاح بەشێوەیەكی ئاسایی ئامادەی كۆڕەكان بووە. دەربارەی رۆژی دوای كۆڕەكەش مامۆستا كەریم شارەزا دەڵێ:

(بۆ رۆژی دوایی سیروان جاف زۆر بەچاوێكی زەقەوە تەماشای هۆڵەكەی دەكرد بۆ ئەوەی بزانێ كێ هاتووەو كێ نەهاتووە, دوای ئەوە شاكر فەتاح بەشێوەیەكی ئاسایی ئامادەی پاشماوەی كۆڕەكان بوو كەس دەستی بۆ درێژ نەكرد, دواتریش گەڕایەوە سلێمانی, بەلاّم لێرە ئیبراهیم زەنگەنە چەندین راپۆرتی لەسەر نووسی, هەر چەندە سیروان جاف تاڕادەیەك چاو پۆشی لێكردبوو هەروەها پرۆفیسۆر.(شوكریە رەسول)یش دەربارەی رۆژی دوایی دەڵێ:

(بۆ بەیانی كەچووینەوە كۆڕەكە, كەریم زەند هەستایەوەو گوتی: رێگام پێبدەن دوو قسەتان بۆ بكەم و گوتی: ئێستا ئێمە هەموومان لەژێر چەتری عێراق داین بەكوردو عەرەبەوە, من داواتان لێدەكەم ئەوەی كەدوێنێ دروست بوو, بابەتەكە گەورە مەكەن و شاكر فەتاح ببەخشن, چونكە ئەو بەنیازی خراپەوە ئەوەی نەگوتووە. بەلاّم بەهیچ شێوەیەك گوێ لەقسەكەی كەریم زەند نەگیرا, ئەوەبوو دوای ماوەیەك ویستیان (كەریم زەند)یش تیرۆر بكەن,و دواتر دەریشكەوت كە دەستی رژێم لەو هەوڵە تیرۆركاریەدا هەیە).

مامۆستا (حەسەن جاف) یەكێك بووە لەو نووسەرانەی كە ئامادەی كۆڕەكەی شاكر فەتاح بووەو ئەویش دەربارەی كۆڕەكە دەڵێ:

(بەرێكەوت بۆ ئەو كۆڕەی شاكر فەتاح چووم, چونكە رێزێكی تایبەتیم بۆ ئەو پیاوە هەبوو, حەزم ئەكرد بزانم چی ئەڵێ, لەبەر ئەوە ئامادەی كۆڕەكەی بووم كەچەندین نووسەرو مامۆستای زانكۆو بەرپرسی حزبی بەعسیش ئامادەی

کۆڕەکە ببوون, ئەوەی وەبیرم بێ شاکر فەتاح باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر حکومەت دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات, دەبێ لەگەڵ ئەو جەنگاوەرانە دابنیشێ‌و گفتوگۆ بکات کە لەشاخن. کە ئەو قسانەی کرد ئیبراهیم زەنگەنەی پارێزگاری هەولێر هەستایە سەر پێ‌و بەعەرەبی دەستی بەقسەکردو گوتی تۆ چۆن ئەڵێی جەنگاوەر, حکومەت چۆن لەگەڵ ئەواندا دابنیشێ‌و قسە بکات. (شاکر فەتاح)یش گوتی: ئەگەر ئەوان خاین بن حکومەت چەندین جار لەگەڵ ئەوان دانیشتووە, بۆیە ئەوان خاین نین, دوایی ئەوەش کێشەی کورد مەحالە چارەسەر بکرێ بەبێ ئەوەی رێککەوتن لەگەڵ پێشمەرگە هەبێ, ئەو وشەی پێشمەرگەی بەکارهێنا, ئیتر ئەوەبوو بوو بە ژاوەژاو لەهۆڵەکەدا, دواتر بیستمان کە دووکەسیان ناردووە بۆ لای بۆ ئەوەی لەقسەکانی پەشیمان بێتەوە, کە بەداخەوە لەبیرم نەماوە ئەو دوو کەسە کێ بوون, ئەو دوو کەسە داوایان لێکردبوو کە لەقسەکانی پەشیمان بێتەوەو بڵێ ئەمانە خاین و یاخین, بەڵام بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو بوو لەقسەکانی پەشیمان بێتەوە گوتبووی ئەو قسانەی کردوومن بڕوام پێیەتی‌و ئێستاش هەر ئەو قسانە دەکەمەوە).

دیارە لەبەر ئەوەی کۆڕەکە لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوانی رژێم و بەهاوکاری یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد رێکخرابوو, دەبوایە بابەتەکەی شاکر فەتاح لەلایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە ببینرێ, بەڵام دیارە تەماشای بابەتی (شاکر فەتاح)یان نەکردووە. ئەوەتا مامۆستا کەریم شارەزا لەو بارەیەوە دەبێژێ:

(محەممەد ئەمین شەنگی کە ئەمینداری گشتی رۆشنبیری‌و لاوان بوو، گوتی: "من پێم شەرم بوو داوا لەشاکر فەتاح بکەم بڵێم مامۆستا بابەتەکەت بێنە تەماشای بکەم, چونکە بەحیساب ئەو لەهەموومان بەتەمەنترەو مامۆستای هەموومانە") بۆ ئێوارەکەو شەو (شاکر فەتاح)یان ناچار کردبوو کە بەخەتی خۆی بۆیان بنووسێ کە تەنیا ئەو لەناوەڕۆکی بابەتەکەی بەرپرسیارە.

لەم بارەیەوە د.شکوریە رەسوڵ دەڵێ:

(دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی بۆ شەو زەختیان لەشاکر فەتاح کردبوو کە بەنووسین بنووسێ من پەشیمانم لەو نووسینەی کە خوێندوومەتەوە, هەروەها ئەمیندای گشتی رۆشنبیری‌و لاوان هیچ پەیوەندییەکی بەم نووسینەی منەوە نییە, بەڵکو خۆم بەرپرسیارم لەناوەڕۆکی ئەم نووسینە, ئەوە بوو گوتی باشە من هەمووی ئەخەمە سەرشانی خۆم, بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەقسەکانی خۆم پەشیمان نیم).

هەروەها دەربارەی هەمان مەسەلەە کەریم زەند دەڵێ:

شاکر فەتاح) لەدوای تەواوبوونی وتارەکەی بەنووسین دەنووسێت کە (من خۆم بەرپرسیارم بەرامبەر ئەم وتانەم, بەهەموو ویست و خواستی خۆمەوە زۆر بەفراوانی هزری خۆم ئیمانم پێ هەیە)

دەربارەی بانگهێشت کردن و ئامادەبوونی ئەو کەسانەش بۆ ئەوەی ئامادەی ئەو کۆڕانەبن د.شوکریە رەسوڵ دەڵێ:

(نزیکەی هەشت مامۆستای کوردی زانکۆکانی سەلاحەددین و بەغدا بەتەوقیع دەستنیشان کران بۆ ئەوەی ئامادەی کۆڕەکان بن وەك حوسامەدین نەقشبەندی‌و من و د.خەلیل و د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ کە ئەو بەهۆی نەخۆشی‌یەوە ئامادە نەبوو، د.کەمال مەزهەر کەئەویش ئامادە نەبوو, ئەمانە هەمووی بەتەوقیع ئاگادار کرانەوە کەدەبێ ئامادە بن, ئەوەی ئامادەش نەبێ خۆی بەرپرسەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، فعلەن ئەوانەی کە نەهاتن دواتر لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵدا کرا).

هەروەها مامۆستا (کەریم شارەزا)ش دەڵێ:

بۆ بەڕێوەبردنی کۆڕەکان تاقمێکیان کۆکردەوەو داوایان لێکردن کە بابەت ئامادە بکەن, بۆ ئەم مەبەستەش داوایان لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان کرد کە بەشداری لەم زنجیرە کۆڕانەدا بکەن, بەتایبەتیش داوایان لەمامۆستا حوسێن عارف کرد کە ئەوکات جێگری سەرۆکی دەستە بوو بابەتێك ئامادە بکات و پێشکەشی بکات بەناونیشانی

(بیروباوەڕی سەرکردە لەناو وتارەکانی)دا, بەڵام حوسێن عارف ئەوەی رەتکردبۆوە, بەئێمەشی گوت کە ئێمە بانگکراوین, بەڵام بڕیارمانداوە هیچ قسەیەك نەکەین نەپرسیار نە وەڵام تەنیا ئامادە دەبین.

سەرەنجام دوای ئەوەی شاکر فەتاح موکڕ دەبێ لەسەر هەڵوێستی خۆیو لەقسەکانی پاشگەز نابێتەوە لەئەنجامدا سەعات (12)ی شەوی 18-1988/3/19 لەماڵەکەی خۆیدا دەیگرن و بێسەرو شوێنی دەکەن, دیارە چەند زۆڵە کوردێکیش دەستیان هەبووە لەئەنجامدانی دەستگیرکردنیو زیاتر تاوانبار کردنی، لەم بارەیەوە کەریم زەند دەڵێ:

(رۆژی پێش گیرانی یەکێك بەشەو دەچێتە لای کە ناسنامەی نووسەرانی هەبووەو سەر بەرژێم بووە, بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە شاکر فەتاح شەوانە لەماڵەوەیە, تاوەکو بیگرن, من نامەوێ ناوی بڵێم, بەڵام ئەگەر رۆژێك پێویستی کرد ناوی ئەوەو ناوی ئەوانی تر هەر هەمووی ئەڵێم).

دواتریش دوای شەش مانگ لەئەشکەنجەو ئازاری بەندیخانە (جەمیلە خان)ی خێزانی شاکر فەتاح وەك لەماستەرنامەکەی مامۆستا شواندا هاتووە بانگهێشتی هەولێر دەکەن و پێی دەڵێن: کە دەبێ مۆر بکات شاکر فەتاح تاوانبارەو شایەنی لەسێدارەدانە, بەڵام (جەمیلە خان) بەم کارە رازی نابێت و, بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بەزۆر پەنجەو مۆری پێدەکات.

ئینجا لەدوای دوو رۆژ، لەناوەڕاستی ئەیلولی ساڵی 1988 لەگەڵ (13) کوردی بێتاوانی تردا گولە باران دەکرێن و تەرمەکەشی نا دەنەوە بەبنەماڵەکەیو, تائێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە, هەر چەندە وەفاتنامەکەیان دابوو بە (جەمیلە خان)ی خێزانی.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شاکر فەتاح خزمەتگوزارو خۆشەویستی خەڵك بڕیاری دابوو بەشەهیدی بمرێ بۆیە لەدوا تەمەنی ژیانیدا ئەو هەڵوێستە سەر بەرزانەی هەڵبژارد, ویستی لەدوا تەمەنیدا ئەوە بسەلمێنێ, کە کوردپەروەرێکی دژ بەکاولکاری بەعسە, ئەگەرنا دەیتوانی لەقسەکانی پەشیمان بێتەوە یان هەر هیچ نەبێ سەر هەلگرێو وڵات بەجێبێڵێ.

## جەمیلە خانی خێزانی شاکر فەتاح:

# لەدائیرەی ئەمن پێیانگوتم شاکر فەتاح بەفەرمانی سەددام لەسێدارە دراوە

لە سلێمانی سەردانی هەر یەك لە (جەمیلەخان)ی تەمەن (95) ساڵیو خێزانی شاکر فەتاح و (کەریم زەند)ی تەمەن (85) ساڵی و مێژوونووس و جوگرافیناس و هاوڕێی نزیکی شاکر فەتاحمان کرد و ئەو پرسیارانەمان لێکردن:
سەرەتا جەمیلە خانی خێزانی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە

⋆ بەر لەوەی کە مامۆستا شاکر فەتاح بەشداری کۆڕەکە بکات پێشتر لای تۆ باسی هیچی نەکرد؟
- لای من باسی ئەوەی کرد گوتی دایکی شێرکۆ ئەچم بۆ هەولێر نەدوەمان هەیە, کوردەکان هەموویان لەوێ کۆبوونەتەوە. لەوە زیاتر هیچیتر تێنەگەیشتم, ئیتر ئەوەبوو رۆژێك بەر لەنەدوەکە لەگەڵ کەریم زەند رویشتن، پێشتر کە نەدوە دەبوو من رادیۆم دەکردەوە, بەڵام ئەمجارە لەهیچ شتێك حاڵی نەبووم.
⋆ ئەی کە گەڕایەوە باسی هیچی بۆ نەکردی؟

- دوای نەدوەکە کە گەڕایەوە سلێمانی، پێمگوت بۆم باس بکە چی بوو، من ئەمجارە لەهیچ تێنەگەیشتم، ئەویش تەنیا ئەوەندەی گوت: کە ئەو چەند قسەیەکی کردووە بەدڵی ئەوان نەبووە بۆیە بۆی گێڕامەوە کە پارێزگاری هەولێر نەیهێشتووە قسەکانی تەواو بکات و یەخەی گرتووەو پێی گوتووە: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ ئەو قسانەی تۆ هەموو دژی حکومەتە.

٭ ئەی دوای نەدوەکە باری دەروونیو هەڵوێستی چۆن بوو؟

- گەش و جوان و رێکو پێکبوو، وەك ئەوەی کەهیچ نەبوو بێ وابوو مەجلیسی هەبوو میوانی دەهات، قسەکردن و گفتوگۆو پێکەنینی وەك جاران بوو، هیچ شتێکی پێوە دیار نەبوو، هەتا دوای خواردنی بریانی کرد، ئەو عادەتی بوو بۆ هەموو جەژنێکی نەورۆز دەیگوت دەبێ بریانی لێنێی، جەژنی نەورۆز یەك دوو رۆژێکی مابوو.

٭ پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە رژێمی بەعس دەستگیری بکات؟

- باسی نەکرد ئەو زۆر سەربەرزانە دەیگوت نەدوەیەکی گەلێك خۆش بوو، خەڵکێکی زۆر هاتبوون، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کەحکومەت بیگرێ، کەیفی زۆر خۆش بوو خەڵکی هاتووچۆیان دەکرد.

## شاکر فەتاح دەیگوت کە دەچمە دەرەوە کەسێك چاودێریم دەکات

٭ ئەی دواتر هەستی بەهیچ نەکرد؟

- من چەند جار پێم گوت باوکی شێرکۆ دەڵێیی شتێك هەیە، ئەویش دەیگوت: خۆشم هەستم کردووە کە ئەڕۆمە دەرەوە کەسێك بەدوامەوەیە، بڕۆم بۆ هەر شوێنێك ئەو شوێنم ئەکەوێ. منیش پێم گوت: باشە هێندە مەچۆرە دەرەوە بۆ خۆت هەر خەریکی کتێبەکانت بە، ئەویش دەیگوت: من چیم کردووە تەنیا ئەوەندەیە کوردم، خۆ پیاو ئیستقالە لەکوردبوونی خۆی نادا.

٭ ئەی دەڵێن کەسانێك بۆ جاسووسی کردن بەسەریەوە بەر لەگیرانی سەردانیان کردووە، ئەوە چۆنە؟

- ئەوە نازانم خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد، هەموو رۆژانی هەینی مەجلیسی هەبوو، تەنیا ئەوەندە نەبێ کەچەند رۆژێك بەر لەگیرانی (ئەمن)ێك لەدەرگای داو هاتە ژوورەوە هەندێك پرسیاری لەباوکی شێرکۆ کردو ئەویش وەڵامی دایەوە، (ئەمن)ەکەئەمانەی هەمووی نووسیو رۆیشت.

٭ وەبیرت ماوە پرسیارەکان چی بوون؟

- تەنیا ئەوەندەم وەبیر دێ لێێ پرسی کاری وەزیفی چیو چیت کردووە، هەروەها لێێ پرسی  کە چەند زمان دەزانێ باوکی (شێرکۆ)ش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو گوتی سێ زمان دەزانم (عەرەبی و فارسیو ئینگلیزی).

٭ ئەی شاکر فەتاح چۆن بیری دەکردەوەو هەستی نەتەوایەتی چۆن بوو، ئەو چۆن بوو بەئەندامی مەجلیس تەشریعی؟

- حکومەتی عێراقی دەیویست ئەو کەسانەی دیارو بەرچاون لەناو میللەتەکەی خۆیاندا رایانکێشێ بۆ نێو دام و دەزگاکانی خۆی، بۆیە باوکی (شێرکۆ)یان ناچار کرد کەدەبێ ئەو کارە بکات، کە بووە ئەندامی مەجلیس تەشریعیش هەمیشە داکۆکی لەمافی نەتەوەکەی دەکرد، هەوڵیدەدا ئەو نامانەی لەناو ئەنجومەن دەخوێندرێنەوە بەکوردی بن نەك بەعەرەبی، زۆر شتی تریش، بەڵام دواتر کەزانی ئەوان هیچیان بۆ کورد پێنییە خۆی خانەنشین کرد، هەرچەند حکومەت چەند جارێك داوای لێکرد کەبگەڕێتەوە ئەنجومەن، بەڵام باوکی شێرکۆ قایل نەبوو بگەڕێتەوە. ئەو کابرایەکی خزمەتگوزار بوو تەمەنی پازدە ساڵان بوو بەشداری لەخۆپیشاندانەکەی شەشی ئەیلول کردو خەڵکی جۆش دەداو نووسینی هەبوو، هەروەها ئەو قوتابی بوو لەبەغدا لەکاتی پشووی نیوەی ساڵ و سەری ساڵ کەدەهاتەوە سلێمانی بەخۆڕایی دەرسی بەمنداڵە هەژارەکان دەگوتەوە.

٭ چەند رازین لەو بایەخەی کە بەمرۆڤێکی بەهەڵوێستی وەك شاکر فەتاح دراوە؟

- تارادەیەك رازین. باوکی شێرکۆ کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو, هەمووم پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کرد, ئەوانیش لەژوورێك دایاناو ناویاننا هۆڵی شاکر فەتاح, هەروەها شەقامێکیشیان بەناو کردووە، لەهەولێرو سلێمانیش قوتابخانەیان بەناوی کردووە.

★ ئەی لەرووی یارمەتییەوە تائێستا کەس یارمەتیداون؟

- پێشتر بەر لەشەڕی ناوخۆ لەلایەن پارتی‌یەوە یارمەتییەکی باش دەدراین, بەڵام دواتر ئەو یارمەتییە نەما, ئێستاش لێرە لەسلێمانی مانگانە سێ سەد دینارم دەدەنێ, لەماوەی سێ مانگ جارێکیش دا بەهەزار حاڵ هەزار دینارم بۆ دەگێڕنەوە لەو پارەیەی کە کاتی خۆی باوکی شێرکۆ لەبانك داینابوو، ئەگەر شێرکۆی کوڕم نەبێ من بەو بڕە پارەیە بەڕێوە ناچم, چونکە من جگە لەکوڕێك هیچ کچێکم نییە خزمەتم بکات، ئێستاش لەقاچ کەوتووم ژنێك مانگانە بە پێنج سەد دینار خزمەتم دەکات.

★ دوای گیرانەکەی، ئێوە بەدوایدا نەچوون؟

- بەڵێ من چەندین جار چووم بۆ دائیرەی ئەمن, بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە, تاسەرەنجام پێیان گوتم کە باوکی شێرکۆ بەفەرمانی سەرەك کۆمار لەسێدارە دراوە, دواتریش بەهەزار حاڵ وەفاتنامەکەیان پێداین.

## کەریم زەند: بە بۆچوونی من شاکر فەتاح سوقراتی کوردە

**کەریم زەند:**

★ شاکر فەتاح بەلای تۆ یانی چی؟

- مامۆستا شاکر فەتاح بەبۆچوونی من سوقراتی کوردە, ئەو کە هاوڕێکانی پێیان وت ژەهرەکە مەخۆرەوە ئەو خواردییەوەو لەپێناو میللەتەکەی خۆیا خۆی بەختکرد, لەپێناو قسەی خۆی, چونکە ئەو خاوەنی وتەی خۆی بوو, ئەو وتارەی کە لەکۆڕەکەدا خوێندییەوە بووە هۆی ئەوەی کەسەری تیابچێ, هەر چەندە داواشیان لێکرد کەپەشیمان بێتەوە, ئەو پەشیمان نەبووەوە.

★ تۆ وەك کەسێکی نزیکی مامۆستا شاکر فەتاح تاچەند ئاگاداری ئەوە هەبووی کە ئەو لەوتارەکەیدا ئەو قسانە دەکات؟

- من ئاگاداری ئەوە نەبووم, وتارەکەی پشانی من نەدابوو, ئەگەر پیشانی منی بدابوایە هەوڵم دەدا لەجێگای وشەی شۆڕشگێڕ وشەی تری بەکار هێنابووایە کەهەمان مانای دەبوو, چونکە بەرپرسە ئامادەبووەکانی رژێم زیاتر بە بەکارهێنانی وشەی شۆڕشگێڕ تێکچوون و بێزاربوون, بەکارهێنانی ئەو وشەیە بەلای ئەوانەوە زۆر قورس بوو.

★دوای کۆڕەکە شاکر فەتاح هەڵوێستی چ بوو؟

- دوای کۆڕەکەش سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی, چەندین جار چوونە لایو داوایان لێکرد کەپەشیمان ببێتەوە لەو قسانەی کە کردوویەتی, بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەکانی.

★ ئەو کەسانەی کەچوونە لای داوایان لێکرد کەپەشیمان ببێتەوە لەقسەکانی کێ بوون؟

- لێژنەیەك هەبوو بۆ هەڵسەنگاندن و سانسۆر کردنی بابەتی بەشداربووەکان, ئەو لێژنەیە چووە لای بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەنەوە.

★ لێژنەکە لەکێ پێکهاتبوو؟

- نامەوێ ناوی یەکە یەکەیان بڵێم, چونکە ئەمە کارێکە بریندار کردنی تێدایەو منیش حەز ناکەم کەس بریندار بکەم.

★ دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەڵێن کەسانێك بۆ جاسووسی کردن سەردانیان کردووە, دەکرێ بزانین ئەوانە کێ بوون؟

- بەڵێ کە گەڕایەوە سلێمانی ڕۆژێکیان (ئەمن)ێك دەچێتە لای بۆ ئەوەی لاپەڕەی کردارەکانی بنووسێتەوەو بزانێ کێ هاوڕێیەتیو پەیوەندی لەگەڵ کێدا هەیە. دوای چەند ڕۆژێکی تریش بەعسییەکی نووسەر کە ناسنامەی نووسەرانی پێبووە ئێوارەیەکی درەنگ دەچێتە ماڵی شاکر فەتاح بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە ئەو شەوە شاکر فەتاح لەماڵەوەیە یان نا, ئیتر هەر ئەو شەوە دەچنە سەریو دەیگرن.

⋆ ئەو کەسە کێ بوو؟

- ئەگەر ڕۆژی خۆی هات ناوی دەڵێم.

⋆دوای ئەوەی شاکر فەتاح وتارەکەی خۆی خوێندەوە هەڵوێستی برادەرەکانی چی بوو کە ئامادەی کۆڕەکە بوون؟

- دوای خوێندنەوەی بابەتەکە لەلایەن شاکر فەتاح هۆڵەکە شڵەژاوو بوو بەژاوە ژاو, بۆیە هەندێ لەبرادەرەکانی بەقسەهاتن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکەنەوە لەوانە مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل قسەی باشی کرد, د.نافع ئاکرەیی وتی ئەمە دیموکراتییەتە، سەلاح شوان وتی ئەمە حوسنی نیەتە منیش دەرفەتم وەرگرت و هەستامەوە ئەو قسانەم کردو گوتم: ئێمە هاتووین بۆ ئەم کۆنگرەیەو بڵند گۆکەی لەم

شوێنەدا, کە وەکو فیستیڤاڵی میربەد وایەو لەویش زیاترە کە عێراقی مەزن میراتگریەتی. پێشەنگەکانیو ئەوانەی میوانیشین بەپێی یاسا پارێزراون, ئەو دەوڵەتەی کە بەرپرسە لەهەموو ڕۆڵەکانی لەهەر کوێیەك بن, چ لەناوەخۆ یان لەدەرەوە ئەو ڕۆڵانەش کە لەشاخەکان و پێدەشت و دۆڵەکانیشن, تەنانەت ئەوانەش کەچەکیان بەروویدا هەڵگرتووە, بەشێوەیەك کەئێمە دیموکراسیو هێز لەقوتابخانە تۆکمەکەیەوە وەردەگرین, نەشهاتووین پێیدا هەڵبڵێین, بەڵکو داوای خێرو چاکەو ئاشتی دەکەین, زوو بێت یان درەنگ, ئومێدیشمان ئەوەیە هەمیشە لەئاشتی دابین. بەم هەڵوێستەم گوناهەکەم مەزن بوو ئەگەر بەراووردی بکەم بەلێبووردەیی ئێوە, ئەوا لێبووردەییەکەتان مەزنترە.

⋆ بۆچی شاکر فەتاح هەوڵی نەدا خۆی دەرباز بکات, ئایا ئەو دەیزانی کە دەگیرێ؟

- کە گەڕایەوە سلێمانی خەریکی ئیش و کاری ماڵەوەو کاری نووسین بوو، مامۆستا شاکر بەهیچ شێوەیەك هەستی نەدەکرد کە بگیرێ, ئەگەرنا لەوانەبوو خۆی دەرباز بکات.